کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
7-11-2007 2:12بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

**هونەر ئەوەیە، گەر ناتوانی مەی کە ... زانا دڵشاد دزەیی**

کارکردن بۆ فراژوکردنی هەر بوارێك لە بوارەکانی ژیان دیارە کۆمەڵێك قوربانی و ماندووبوون و



شەونخونی دەوێت، تا بتواندری وەکو خۆی مامەڵەی لەگەڵ بکری و ببێتە داهات و سەرچاوەی بژێوی ژیان، بە تایبەتی کارکردن لە بوارێك کە لە نێو کۆمەڵگایەکی تازە فراژی بوو سەرچاوەی گرتبی، بۆیە ئەگەر باس لە کۆمەڵگای کوردی بکەین لە بەرامبەریش کارکردن لە بواری هونەریی لەم کۆمەڵگایەدا بە نموونە بهێنینەوە، دەبی بڵێین هونەر لە کۆمەڵگای کوردیدا هێشتا ساوایە و بەسەر پی نەکەوتووە و پێویستی بە پەروەردەکردنێکی ئەکادیمی هەیە، لەگەڵ ئەمەشدا زۆر جار لە میدیاکان هەندێك لە گۆرانیبێژەکانمان باس لەوە دەکەن، کە بۆ بەرهەمهێنانی ئەلبومێکی گۆرانی خۆیان جلوبەگ و کەلوپەل و پێداویستیەکانی ناو ماڵی خۆیان فرۆشتوە، یان نانیان لە دەم ماڵ و منداڵەکەی خۆیان گرتۆتەوە بۆ دابینکردنی خەرجی کلیپێك، زۆرێکیشان باس لەوە دەکەن کە بەردەوام خەریکی قەرز دانەوەن، کە بۆ کارێکی هونەریی توشی قەرزکردن بووینە، هەموو ئەو قسە بی مانا و نزا و پاڕانەوانەی هەندێك لە گۆرانیبێژان کە لە میدیاکان لە دەمی گۆرانیبێژەکان خۆیانەوە باس دەکری وەکو ئەوە وایە کە ئەو گۆرانیبێژانە بە زۆر کاری هونەریان هەڵبژاردوە و لە سەریان فەرز کراوە کە دەبی هونەر بکەن، ڕەنگە هەندێکیشان ئەو جۆرە قسانە بە پاڵەوانییەتی خۆیان بزانن بی ئەوەی ئەو بەرێزانە بزانن کە لە وڵاتێك دەژین و هونەر دەکەن ناوی "کوردستان"ە ئەو کوردستانەی کە بە ئاشکرا پێمان دەڵی هونەرم ناوێت، بەڵگەش ئەوەیە لەگەڵ هەموو ئەو ڕێگری و هۆشیار کردنەوانەی جەماوەر کە لە ڕێگەی میدیاکانەوە دەر دەچن کە ڕێز لە مافی هونەرمەندان بگرن و بە دوور بن لە کۆپی کردن، ئینجا ئەو گوێگرانەی کە بە هونەردۆستان ناسراون بە لێشاو ڕوو لە بەرهەمی کۆپی کراو دەکەن و بی ئەوەی گوی بدەنە بەرژەوەندی هونەرمەندان و حیسابێك بۆ ماندووبوون و هەموو ئەو خەرجییە زۆرانە بکەن کە گۆرانیبێژێك بۆ بەرهەمهێنانی ئەلبومێکی گۆرانی بە خەرجی دەدات، ئاخر کام لە بەرپرسە کوردەکانمان هاوکاری شانۆکارێك یان نیگارکێشێکی کردوە؟ ئەی کام وەزیر و ئەندام پەرلەمان بەدەم داواکارییەکانی هونەرمەندانەوە هاتووە و کێشەکانیان کردۆتە باسێکی ناو کۆشکی پەرلەمان؟ ئەی بۆ ماوەیەکی درێژە پرۆژە یاسای قەدەغە کردنی سیدی کۆپی کراو کە خراوەتە بەر دەستی پەرلەمان بۆ پاراستنی مافی هونەرمەندان تاوەکو ئێستا لە لایەن پەرلەمانەوە پەسند نەکراوە؟ ئەی تا ئێستا کام لە سەرمایەدارە کوردەکانمان پشگیری بەهرەمەندێکی لاوی کردوە، بۆ زیاتر گرنگیدان و ڕێزگرتن بە تواناکانی گەنج؟ بێگومان جگە لە قسەی گەورە و فشەفشکردن زیاتر هیچیان بۆ هونەر نەکردوە، کەواتە بەرێزەکانم وڵاتەکەت پێویستی بە هونەر نییە و ناراستەوخۆش پێت دەڵێت هونەرمان ناوێت، گرنگە بیر لە دانانی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

پلانێکی جدی بکرێتەوە بۆ ئەوەی خەلك هونەری بوێت و هونەردۆستی راستەقینە دروست بکرێت، ئاخر ئێوە نازانن کە کوردستان بەپێی مێژوو ولاتێك بووە خەڵکەکەی ئەوەندەی کە خەریکی خۆ ژیاندن و کۆکردنەوە و پەیداکردنی نان و ئاو و خۆ رزگار کردن لە قەدەری مردن بووینە هێندە خەریکی هونەر و هونەرکردن نەبووینە و پێویستیان بە هونەر نەبووە، بۆ ئەوەی بژین و لە برسان نەمرن، شوکر بۆ خوا کە ئێستا کوردستان ئازادە و خاوەن حکومەتە، دەبی هەر لەو سەرەتایەوە هونەرمەندان بە هاوبەشی لەگەڵ حکومەت و لایەنی پەیوەندیدار کار بکەن بۆ هۆشیار کرنەوەی خەلك و ناساندنی هونەر وەکو لایەنێکی گرنگی ژیان و دروستکردنی باوەرێکی پتەو و راستەقینە بە هونەر لە نێو تاکەکانی ئەو میللەتە هەژارە، زیاتر پێویستە باس لە دروستکردنی هونەر و میللەتێکی هونەردۆستانە بکری، نەك فشەفشکردن و خۆهەڵکێشان لە میدیاکان باس لە کێشەکانی خۆمان و فرۆشتنی کەلوپەلی ناوماڵ بکەین لە پێناو هونەر و هونەرکردن، بەڵی بۆ ئەوەی هونەر لەو قەیرانە رزگار بکەن پێویستیتان بە قوربانیدانە، هونەرکردن لە کوردستان ئەوەیە، قورسە و توانا و ماندوبوونێکی زۆری دەوێت، گەر ناتوانی هیچ عەیب نییە مەیکە لە فشەفشکردن باشترە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.